www.kurdistannet.org
26-10-2006 23:34 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# من بووم ئەنفالم کردو کیمیایم بەسەر هەڵەبجەدا ڕژاند ... مەریوان هەڵەبجەیی

ماوەیەکە حەملەیەکی گەورە لە دژی کەسایەتیم بەڕێوە دەچێت. لە پشت ئەو حەملەیەوە هەر کەسانێك هەبن بۆ من مایەی کێشە نین، چ ئەوانەی لەگەڵ بیرکردنەوەو بۆچوونەکانم ناگونجێن، چ ئیسلامییەکان کە قازانجی سەرەکی لەم حەملەیە دەبینن.

لەراستیدا پێشوەخت چاوەڕێی حەملەیەکی لەم شێوەیەم کردووە. هێشتا لەکوردستان بووم پڕوپاگەندەی ئەوەم بۆ کرا کە پاراستنی پارتی لە پشت چاپدانی کتێبەکەمەوەن تا کێشەی دکتۆر کەمال بەلایەکی تردا ببەن. ئینجا کردیانم بە دزێکی راکردوو. کە گەیشتمە هەندەرانیش پڕوپاگەندەی ئەوە کرا گوایە مەلا بەختیار کتێبەکەمی نوسیوەو بەناوی خۆمەوە بڵاوم کردۆتەوە. هاتە سەر ئەوەی کە مەلا بەختیار نەینوسیوە بەڵکو دەزگای زانیاری بۆی چاپ کردووم. دوای ماوەیەك وتیان لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە پارەیەکی زۆرم بە خەڵات پێ دراوە. وردە وردە هاتە س! ەر ئەوەی بڵێن پێشتر کتێبێکی بە ناوی خوێننامە نوسیوە ئەرزەی پێ وەرگرتووە، ئەم کتێبەشی بۆ ئەوە نوسیوە بۆی بکەن بە خانوو. گەیشتە ئەوەی بڵێن ئەو کتێبەی بۆ (لجوئی سیاسی) لە ئەوروپا نوسیوە. هەندێك کەسیش چوونە ناو خێزان و بنەماڵەکەمەوەو چ بە نوسین و چ لە ئنتەرنێت و چ لە مزگەوتەوە کۆمەڵێك شتیان ئاراستە کردم. جا لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆریش نوسینم لەسەر زانستی پاراسایکۆلۆژی بڵاودەکردەوەو لەو هەوڵەشدا کتێبێکم هەیە، کرامە دوعانوس و فاڵچی، لەم ماوەیەشدا کرامە تەزویرچی. بۆ هەموو وتن و نوسینێکیشیان کۆمەڵێك دیکۆمێنتیان بڵاوکردۆتەوە. ئەم راگەیاندنە سەقەتەش چەند مانگێکی خایاندووە و چاوەڕێی زیاتریشم تا بزانم بەرەو کوێ دە  ! 685;وات. تا ئێرەش هاتووەو نازانم لەمەودواش چی دەبێت. لەلایەن خۆمەوە چاوەڕێی ئەوە دەکەم ئەم حەملەیە درێژە بکێشێ و بەم زوانەش کۆتایی نەیەت. تەنها ئەوەیان لەدەستماوە بمکەنە جاش و ئەمن و ئستیخبارات و ئەنفال چی و کۆمەڵێک دیکۆمێنت بهێنن کە من بووم چاڵم بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان هەڵکەند و هەر منیش بووم کیمیایم بەسەر هەڵەبجەدا ڕشت. هەر کاتێکیش ئەمەیان کرد ئەوکاتە دەبمە پاراستنی پارتی و دەزگای زانیاری یەکەتی و دزو درۆزن و تەزویرچی و بێشەرەف و هەلپەرست و پارە خۆشەویست و نوشتەبازو فاڵچی و جاش و ئستخبارات و ئەنفالچی، ئاو بێنە و دەست بشۆ.

چیان هەیە با هەڵیڕێژن. کاری لەم شێوەیە بۆ کەسان و لایەن ئاسانن و هەموو کەسێکیش دەزانێت ئەم جۆرە ڕاگەیاندنانە پیشەی موفلیسانی فکرن و لەجێی کوشتنی کتێبەکەم دەیانەوێت جستەم بکوژن. هەموو کەسێکیش دڵنیا دەکەم لەکاتی گونجاوی خۆیدا یەکە یەکە وەڵامیان دەدەمەوە، هەندێکی لە ئەوروپا و هەندێکیشی لە کوردستان بە پێی یاسا، ئەگەر تەمەن بواری دا.

ئەوەی منی دوچاری ئەم کێشەیە کرد نوسینی کتێبەکەم بوو (سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا) ئەم کتێبەم رەخنەگەلێکە لە ئاییینێك بە ملیۆنەها ئینسانی سەقەت و سقوتی جەستەیی و فکری کردووە. وا دەردەکەوێت کە ناحەزانی فکر نەیانتوانیوەو ناتوانن کتێبەکەم بکوژن بە ناچاری پەنایان بۆ کوشتنی کەسایەتی و جەستەم بردووە. دوورو نزیك نەیانتوانیوە لەسەر ناوەڕۆکی رەخنەکانم، کە دەقی رەسەنی خیتابی منن، شتێك بنوسن شایەنی خوێندنەوە بێت. جگە لە سوکایەتی بە کەسێتی من (ئەلف) یان نەخستە سەر (با) . ئەمەیە ئیفلاسی فکری ئیسلام! گەراکان.. !! ئەدی بۆ ئەم سوکایەتییە بە من پێش بڵاوکردنەوەی کتێبەکەم نەکرا.. ؟؟ ئەمە چ رق و کینەیەکە وا زەهرەکەیان رشتووە؟؟ هەموو کەسێکی هۆشمەند پرسیارێك ئاراستەی کۆنەپەرستان دەکاو دەپرسێت: ئەم شتانەی لەسەر من بڵاوی دەکەنەوە چ پەیوەندییەکی بە نوسینی کتێبەکەمەوە هەیە؟؟؟ پرسیارە سەرەکیەکە ئەمەیە.. !!

ئەوەی پێشتر هاوپشتی لە کێشەکەم کرد، هاوپشتی لە ئازادی رادەربڕین کردووە نەك جەستەم، یەك کەس ناناسم لەم هاوپشتیەدا مەرجی لەسەر من هەبووبێت. هەر ئەوەشم بینیوە لە هەمووان. زۆر لەو حەملەیە بە ئارامترم. ئەنجام سەرکەوتن بۆ فکرو مەدەنییەتە نەك بۆ کوشتنی کەسایەتی. رۆژانیش دەڕواو راستییەکانیش دەردەکەون. گرنگ ئەوەیە ئەم حەملەیە تووشی شکستمان نەکات بەڵکو لەمەودوا کاری جددی تر بەرهەم بێنین. هەروا بووەو هەرواش دەبێت.